# منێك لەبێمروەتیدا



**هاوار طیب**

ئەی ناشیرین ترین ژیان
چەندە ڕقم لێتە
ڕوو لەهەر لایەك دەكەم
زایەڵەی تەرمێك لەبێمروەتی
بەر هەستم دەكەوێ.
تكا كاربووم تكاكار
بچمەوە بەر
شەفایەتی ئاو
ئەی مەرگ بەبێمانایی خۆت
ببە فریاد ڕەسم
من و ئەو لە بێ مانایی دەربێنە
هەر خۆم و خۆم
بەدەم خەیالێكی سەختی بێماناوە
دەسوڕێمەوە بەدەوری خۆمدا
بە دەوری ئەودا
ئاە خودایە!
ئەو دەمەی دلی دەریایان
تژی كرد لەئازار

شتێك نەما ناوی بوو بێ